هەواگیری سەربازی دەستگیرکردنی دوو تیرۆریستی لە نێنەوا راگەیاند

ئەمڕۆ دووشەممە، بەڕێوەبەرایەتی هەواگری سەربازی دەستگیرکردنی دوو تیرۆریست و دەستبەسەرداگرتنی کەمێک تەقەمەنی لە پارێزگای نێنەوا ڕاگەیاند.

بەڕێوەبەرایەتییەکە لە ڕاگەیەنراوێکدا بەاویکردەوە" بە پشتبەستن بە زانیاریی هەواگریی دروستکان لە لقی فیرقەی شانزدەی بەڕێوەبەرایەتیی هەواگری سەربازی و بە هاوکاریی هەواگری و هێزێک لە لیوای نۆهەد و یەک، توانای دەستگیرکردنی دوو ئەندامی باندێ تیرۆریستییەکانی داعش کە داواکراون لەلایەن دەسەڵاتی دادوەریەوە بەپێی بگەکانی مادەی (٤/تیرۆر) لە شاری موسڵ لەلای ڕاست لە قەزای ١٧ی تەمموز دەستگیریان بکات، و ڕادەستی لایەنە پەیوەندەدیارەکان بکات.

ئاماژەی بۆشکرد" مەفرەزەکانی لیوای 92، F16، و دوای وەرگرتنی زانیاری هەواگریی ورد، توانیان لە گوندی بەتیشە لە ناحیەی حەمیدات دەست بەسەر کەمێک تەقەمەنیدا بگرن کە (35) بەمبی دەستکرد تێدا بوو، ومەفرەزەکانی هەوێی ئەندازیاری ئەو تەقەمەنیانەی لەناویان برد."